# پێگەی ئافرەت لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە )ی عەتا نەهاییدا

**اوات رحيم كريم حسن**
زانكۆی گەرمیان ،كۆلێجی پەروەردە،بەشی زمانی كوردی

پێشەكی

بەرهەمی نووسەر ڕەنگدانەوەی ئەو كێشە فیكری و كلتوریانەیە،كەلە نێو كۆمەڵگەدا هەیە،نووسەر ناتوانێت خۆی دوورە پەرێز بگرێت لە ڕووداوەكانی دەوروبەری ،ڕاستیەكانی هەر سەردەم و قۆناغێك ڕاستەخۆ كاریگەری ئاشكرای هەیە لەسەر بیری نووسەراندا.ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێكە بۆ خوێندنەوە و شیكردنەوەو لێكدانەوەی بەرهەمی بیری نووسەر لە بواری نووسینی ڕۆماندا ،چونكە ڕۆمان بارودۆخ و پێداویستییەكانی سەردەمەكەی دەگێڕێتەوە و پەیوەست بوونی بە بەها نوێیەكانەوە یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی ڕۆمان ،واتە ڕۆمان بە زۆری ڕەنگدانەوەی واقیعی كۆمەڵگەكەیەتی ئەمەلە لایەك، لە لایەكی تریشەوە ڕۆمان لەگەڵ گۆڕاندا هاوكاتە هەر گۆڕانكارییە لە كۆمەڵگە ڕوو‌بدات ئەوا ئەگەری سەرهەڵدانی سەرهەڵدانی ڕۆمان یان جۆرێك لەڕۆمان هەیە، ئەم توێژینەوەیە لەدوو بەش و پێشەكی و ئەنجام و ناوی لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە،بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیكاری بە پێویست زانرا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ دۆزینەوەی پێگەی ژن لە ناو ڕۆمانەكەدا و دەرخستنی ئەو كێشەو گرفتانەی كە ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە بە هۆی كەلتوور و داب و نەریتی كۆمەڵگاوە بەشی یەكەم بە ناونیشانی (ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەكان و كێشە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕۆماندا )كە لە دوو تەوەرپێكهاتووە وتەوەری یەكەم لە ژێرناونیشانی (ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەكانی ڕۆمان) تەوەری دووەم بەناونیشانی (بابەت و كێشە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕۆماندا وەكو(پەیوەندی كۆمەڵایەتی،دووركەوتنەوە،نامۆبوون،كێشەی ئافرەتان،لادانی كۆمەڵایەتی)،كە لەم بەشەدا بەشێوەیەكی گشتی هەوڵ دراوە باس لە كێشەی ئافرەت كراوە بە گشتی ولە ڕۆمان بە تایبەتی، هەروەها بەشی دووەمیش لە ژێرناونیشانی(خوێندنەوە و دەركەوتەكانی ژن لەناو ڕۆمانەكەدا)كە لە دوو تەوەرە پێكهاتووە تەوەری یەكەم لەژێر ناونیشانی (دەركەوتەكانی ئافرەت لەدەقی ڕۆمانەكەدا وەكو(پێگەی ئافرەت،ئافرەت وەكو خۆشەویست،سەرزەنشتكردنی ئافرەت،ئافرەت وەك جەستەو جوانی ،كێشەی ئافرەت ..........هتد تەوەری دووەمیش خوێندنەوەیەكی گشتی بۆ دەقی ڕۆمانەكە لەكۆتای توێژینەوەكەدا ئەو ئەنجامانەی كە توێژینەوەكە بەدەستی هێناوە خراوەتەڕوو، هەروەها پوختەی باسەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی كە توێژینەوەكە سوودی لێ وەرگرتوون.

بە شی یەكەم( ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەكان و كێشە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕۆماندا)

تەوەری یەكەم (ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەكانی ڕۆمان(

لە ڕوانگەی كۆمەڵناسانەوە ڕۆمان بە چەند شێوەیەكی جیاجیا پێناسەكراوە .:

(صبری حافظ) دەڵێت : (ڕۆمان ژانرێكی ئەدەبی و دەزگایەكی كۆمەڵایەتییە ، توێژینەوەیەكی تیۆری جێبەجێكردنە .ڕۆمان تاقیكردنەوەی هزری تاكییە ، تاكێكی نووسەر دروستی دەكات ، بەڵام بۆ خوێنەری دەكات تەنانەت هەرلەو كاتەی كە بیر لە نووسینی ڕۆمانێك دەكاتەوە ، جەماوەرێكی لەبەرچاو گرتووە ، ئەمەش پێویستییەكی حەتمییە كە خودی زاراوەی ڕۆمان دەیخوازێت .) (حەسن یوسف كەریم ، 2008 ، ل 18(

جۆرج لۆكاش واپێناسەی ڕۆمان دەكات كە( داستانێكی بورجوازیەوكە لە ئەنجامی ڕێنانسی ئەوروپییەوە هاتە سەر شانۆی جیهان و بەتایبەتیش دوای شۆڕشی پیشەسازی ، كە بووە هۆی ئەوەی چینی بورجوازی چینێكی دیار بن لە كۆمەڵگەی ئەوروپی .لۆكاش

جیا کردنەوەی ڕۆمان و داستان لە دوو ئاست دا دیاری دەکات ئاستی یەکەم ، بریتییە لە پەیوەندی کارەکتەر بە جیهانەوە ، ئاستی دووەم یش پلە پلە کردن و پۆلینکردنی جیهان بەپێی قوناخەکانی پێشکەوتنی ).بروانە حەسن یوسف کەریم ، 2008 ، ل 18، 19 ) ڕۆمان پەخشانێکی خەیاڵییە ، یان گێرانەوەیە بە شێوەیەکی درێژی دیاریکراو کەوێنەی کەسایەتییەکان و هەڵسوکەوتیان لە ڕوانگەی واقعی ژیانی ڕابردوو ، یان ئێستا لە شێوەی گرێیەکی ئالۆزدا بەرجەستە بکات کە جۆرێك لە ئالۆزی لە خۆبگرێ ، کرداری دروستکردن و داڕشتنی ڕۆمان یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گەشەسەندن و بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆمان میخایل باختین بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆمان دەکاو دەڵێ:( (میخائیل باختین )کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە مەزنەکانی بواری ڕۆمان دا دەڵێ(ڕۆمان بووە بە پاڵەوانی سەرەکیی شانۆی ئەدەبی سەردەمی نوێمان ،چونکە لە جۆرەکانی تری ئەدەب باشتر حەز و ئارەزووەکانی جیهانی نوێ لە حاڵەتی دروستبووندا وێنا دەکات،ڕۆمان تاکە جۆرێکی ئەدەبییەکە لە گەڵ جیهانی نوێدا لەدایك بووە )(سمیە نجیب خلیل ، ل4) واتە زیاتر جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییە دەکاتەوە کە لە نێوان ژیانی نوێی مرۆڤ و گەشەو گۆرانی ڕۆماندا هەیە هەر ئەو پەیوەندییە پتەوەش وایکردووە کە ئاڵۆزییەکانی ژیان بگوازێنەوە بۆ ناو ڕۆمان.

لەبواری سۆسیۆلۆژیای ڕۆماندا ( لۆسیان گوڵدمان ) لەکتێبی (تیۆری ڕۆمان ) ی لۆکاش لەبارەی پەرەسەندن و گەشەسەندنی ڕۆمان سوودمەند دەبێت و تێرەکانی لۆکاش بەرچاو ڕوونیەکی پێ دەدات ، دواتریش دەکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵ بۆچوونەکانی (ڕینیە ژیرارد ) ، لەمبارەوە گوڵدمان دەنوسێت خوێندنەوەی کتێبی لە تیۆری ڕۆمانی لۆکاش و کتێبی ژیرارد ، ئێمەی بە چەند گریمانێیکی کۆمەڵناسی گەیاند ، کە زۆر گرنگ دێتە بەرچاو ، توێژینەوەکانی دواتری ئێمە دەربارەی ڕۆمانەکانی (مالرو ) لەسەر بنەماکانی ئەو گریمانەدا دامەزراون . گوڵدمان لە میانەی لێکۆلینەوەکانیداسەبارەت بە سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان بە دوای ئەو خاڵانەدا دەگەڕێت کە پەیوەندی بوونیادی کۆمەڵگە و پێکهاتەی بنیادی ڕۆمان و بوونیادی کۆمەڵگە دەردەخات ، هەروەها ئەو ڕەگەزانەدیاری دەکات، کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو بەهایانەی بووونیادی ئابووری بازاڕ دەیهێنێتە کایەوە ، دەبەستێتەوە بە بوونیادی دەقە ئەدەبیەکان ، بەتایبەتیش بە ڕۆمانەوە ، گوڵدمان پێیوایە کەسەروەری نرخی بەکارهێنانی شتەکان ، پەیکەری ئەو بوونیادەیان دروستکرد ، کە ڕۆمانی لەسەر بنیادنراوە ، پەرەسەندنی فۆرمەکانی ڕۆمان و زۆر بوونی جۆرەکانی هاوتەریبە لەگەڵ پەرەسەندنی شێوەی نرخی گۆریتەوە و گۆڕانی لەگەڵ جۆراوجۆری دەرکەوتنە جیاوازە کاتی گوڵدمان لە سێوسیۆلۆژیای ڕۆماندا تیشکی خستە سەر گرنگییەکی گەورە شوێن پێ لۆکاشی هە ڵگرت گەیشتە هەمان ئەنجامی لۆکاش ، بێ ئەوەی سەیری کارەکەی ئەو بکات ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕێبازێکی ڕاست هەیە بۆتێڕوانینی پەیوەندییە ئالۆزەکەی نێوان ڕۆمان و ژیان ، کەجێبەجێکردنی ئەم پەیوەندییە بە هەمان ئەنجام دەگات گۆلدمان دەلێت پێویست ناکات کۆمەلناس بین تا بتوانین بێژین ، ڕۆمان وەك دەمژمێری کۆمەلاتی جفاتی سەردەمی خۆی دەنەخشێنێت (بروانە حەسەن یوسف کریم ،2012،ل21،22) هەروەها ڕۆژالین مالیز دەبارەی ڕۆمان دەڵێت(ڕۆمان نووسی کارێکی تاکە کەسییەو پێویستی بە هیچ لایەنێکی تر یان بەکارهێنانی توانای کەسی تر نییە) )(سمیە نجیب خلیل ، ل8) چونکە نوسینی ڕۆمان زیاترلە شێوەی کاری تاکە کەسیدایەو ئەزموونی کەسی دەوێت و پێویستی بە کاری هەرەوەزی نییە(ڕۆمان چ بەشێوازی ستاندال بێت و چ شێوەی پروست لە چوارچێوەی بەیانی کۆمە لایەتیدا دەمێنێتەوە ، بەڵکو لۆژێکی پێوەندی کۆمەلایەتی یەکەی هەڵسەنگاندنیەتی .بەڵام تاکی کۆمەڵناس کە خوازیاری خوێندنەوەی پێوەندییەکان یان دژایەتیەکانی نێوان ئەدەبیات و نەزمی باوە ، دەبێ سەرنجێکی زیاتر بداتە سەر کاریگەری هوروژم یان ڕووخێنەری کە جۆری نوێی ڕۆمان بە تەمای ئەنجامی ئەم کارەیە ) (عەتا جەمالی،2006،ل114-117).

نەهایی لەڕێگای بەکارهێنانی زۆربەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ، تێگەیشتنێکی تری لەمەڕ هونەری ڕۆمانی هاوچەرخ هێنایە ئاراوە(لە ڕۆمانەکانی نەهایی و قەوامی . دا لایەنێکی نوێی کۆمەڵگای کوردی دەردەکەوێ ، لە کارەکانی پێشودا ، (تاك) لە سونگەی بەها نەریتییەکان لەژێر دەسە ڵاتی (کۆ ) دا هەڵسوکەوتی دەکرد .لەکاری ڕۆماننووسانی گۆریندا ، کە سایەتییە سەرەکیەکان عەوداڵی گەڕان بەدوای شوناسی تاکە کەسی خۆیانن و ئەمە باس و بابەتێکی گرنگی لەنێو نەوەی گەنجی کورد لە کوردستانی ئێران ) (عبدالخالق بەعقووبی،2006 ل 84 / 87)

گومانی تێدا نیە، کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگە یەك بوو کە لەسەر داب و نەریتی خۆیان دەڕۆشتن و تاك سەربەستیەکی ئەوتوی نەبوو بەتایبەتی کچ هەمیشە کەسانی دەوروبەری یان هەڵسوکەوتی گەورەکان لەسەر کچ ڕەنگی دابوویەوە واتەئەوان چۆن بیانویستایە بەو شێوەیە دەبوایە ئەوکچە هە ڵسوکەوت بکات بە کورتی زۆربنەی بڕیارەکان لە دەستی خۆیان نەبوو.

ئەنگلس لە پێشەکی کتێبی ( سەرەتایەك لە بارەی کۆمەڵناسی ) دا دەڵێت ( دانانی سنوری هەر زانستێك لە زانستەکان بەکارێکی پێویست دادەنرێت وەك بنەمایەك بۆ دەستپێکردن و کارکردن لەو زانستەدا تەنانەت ئەگەر ئەو دەستنیشانکردکانیش بێت یان ئەگەر دەرکەوت تەنیا بریتیەلە ئاراستە کارێکی دوورمەوداش ) (ئیبراهیم ئەبراش/ لە عەرەبیەوە حیکمەت نامیق2006 ل / 157 ـ 162). گاستۆن باوتۆل پێی وایە ڕێکەوتنێك لە بارەی پێناسەکردنی سۆسیۆلۆجیاوە هەیە بەوەی : (توێژینەوەیە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی واتا پێکهاتەی ئەو مادە سەرەکییانەی کە دەزگای کۆمەڵایەتی و ڕادەی کارایی لێ پێکدێت ،توێژینەوە لەو بارودۆخەی کەتێدا دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێشڤەچوون .ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێی گەیشتون . ) (هەمان سەرچاوەو لاپەرە).

گوڵدمان لە پێشەکییەك بۆ سۆسیولۆژیای ڕۆمان ( 1964 ) دەنوسێت ( لەکۆمە ڵناسی ڕۆمان باس لە کێشەو گرفتەکانی ئەو کۆمە ڵگەیە دەکات کە دووچاری دەبن و ڕۆمانوسیش لە ڕێ ڕۆمانەکەیەوە ئەو کێشەو گرفت و ئازارو مەینەتی ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتە ڕوو) (حەسەن یوسف کریم ، 2012 ل 22). پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ پەیوەندیەکی دێرینە . لەوانەشە هەرئەمە بوو بێتە مایەی دروستبوونی ڕایەڵەی زۆر بەتین لە نێوان ئەدەب و سۆسیۆلۆژیا بە ڕادەیەك کە لقێك لە لقەکانی کۆمەڵناسی تەرخان بکرێت بۆ توێژینەوەی دیاردەی ئەدەبی و بەسیۆسیۆلۆژیای ئەدەب ناو ببرێت . ئەدەب کە هەندێ کەس حەز دەکات بەم جۆرە ناوی ببات ، گرنگی بە ئەدەب دەدات وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی .(وەك زۆر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر ، کەلە سێ بنەماکەی ئەدەب دەکۆڵێتەوە نووسەر ، کاری ئەدەبی، خوێنەر، لە گۆشەی کۆمەڵایەتییەوە ، واتە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب هەو ڵدەدات کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و بارودۆخە کۆمە لایەتییەکەی دەوروبەری ڕوونبکاتەوە .) (شکری عزیز الماظي و پ .ی . و د0 سەردار ئەحمەد گەردی ، 2010 ل 180)

یەکێك لەبنەماسەرەکی و بنەرەتییەکانی ڕۆمان ، ڕەگەز و توخمی حیکایەت و نەقڵە ، ئەم ڕەگەز بەڕادەیەك زاڵە کە زۆر جار بە چیرۆکی هونەریش گوتراوە نەقل یان حیکایەت بۆیە هیچ نابێتەزێدەڕۆیی گەر لە پێناسەی ڕۆماندا بگوترێ( بابەتێکی ئەدەبییە بەشێوەیەکی هونەری حیکایەت و نەقڵان دەگێڕێتەوە بەم پێیە گێڕانەوەی حیکایەت و یەکێکە لەو بنەمایانەی کەلە ڕەگەزی حیکایە تو نەقل پێویستە ڕەگەزێکی دیکەش بە گەڵ خۆی بخات ، ئەویش ئەوەیە وا لە خوێنەر یان گوێگر بکات بەتاسەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بکات : پاشان چ دەبێ؟ واتە ڕووداوەکان کیڤە دەچین و بە چ ئاکامێك دەگەن ئەمەش دەگاتە ورژاندنێکی هونەریانە وەستایانەی ئیشستیای گوێگرتن یا خوێندنەوە) (بروانە، حمە کریم عارف 2007 ل /23)ڕەگەزێکی زۆر گرنگی دیکەی ڕۆمان بریتیە لە قارەمان . دەتوانین بلێن هۆکاری بەرجەستە بوونی ڕووداوە لە چوارچێوەی زەمەنی هونەریانەی چیرۆکدا . دیارە قارەمان ڕاستەوخۆ وەکو چۆن لەواقیعدا هەیە ، ناگوێزرێتەوە بۆنێو دنیایی ڕۆمان و چیرۆك دیارە لە نێو قارەمانانی ڕۆمان و چیرۆکدا قارەمانی ئالۆزو فرە لایەن هەیەو قارەمانی سادە و یەکلایەن یان کەم لایەن هەیە ،قارەمانی ئالۆزو فرە لایەن ، بە ئاسانی خۆی یە دەستەوە نادات وەلە ئەنجامی گۆڕانی ڕووداو کەش وهەوای ڕۆمانەکەوە دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی قەناعەت بەخش خوێنەر ڕووبەڕووی سەرسامی دەکەنەوە ... بەلام سادەو کەم لایەنەکان ، زوو دێتە ناسین و ئەگەر هونەرمەندانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێ بەئاسانی لە هزرو بیری خوێنەردا دەمێنێتەوە خوێنەرتوشی سەرسامی ناکەن ) (بروانە،حمە کریم عارف 2007 ل /26). لەم ڕۆمانەدا کەسەکان و پاڵەوانەکان گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوە ، چونکە هەموو کەسێتی پاڵەوانیەك سێ لایەنی تێدا کۆدەبنەوە وەکو(لایەنی دەرەوە ژنە یان پیاو ،نەخۆشە یان ساغە ،قەڵەوە یان لاوازە ،لایەنی ناوەوە ئاساییە یان کراوەیە ،گۆشەگیرە یان دوورە پەرێزە ،هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتی باری گوزەرانی چۆنە پیشەی چیەو سەربەکام چینە لە کاتی خوێندنی ڕۆمانەکەدا هەست بەم سێ لایەنە دەکەین و دەزانین کە کارەکتەرو پاڵەوانەکان سەر بەکام چین و توێژی کۆمەڵگان.

ئاشکرایە لە ڕۆماندا پاڵەوانی سەرەکی و لاوەکی هەیە پاڵەوانی سەرەکی کۆمەڵێ ئەرکی جۆراو جۆر پێدەسپێرێت، بە لام پا ڵەوانی لاوەکی تەنها ئەرکێك یان زیاتر دەتوانێ پێ هە ڵبسێت هەربۆیە پا ڵەوانی سەرەکی لە ڕۆماندا نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە(گرێ

یان هۆکار و ئەنجام ، ڕەگەزێکی هەرەگرنگی تری ڕۆمان و چیرۆکە لە سەرەتادا گوتمان نەقل و حیکایەت دەکاتەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان بەپێی تەرتیبی زەمان . هەڵبەتە گرێش گێڕانەوەو نیشاندانی ڕووداوەکانە بە پێ ئەو پەیوەندییە کەلە نێوان هۆ و ئەنجامدا هەیە واتەهەر هۆیەک یان چەند هۆیەک ئەنجامێکیان چەند ئەنجامێکئیان لێ دەکەوێتەوە ئەمە پێ دەگوترێ ڕێسای هۆو ئەنجام)(سەرچاوەی پێشوو ل /27)

تەوەری دووەم(بابەت و کێشەکۆمەڵایەتیەکان لە ڕۆماندا)

1ـ پەیوەندی کۆمەڵایەتی

بریتی یە لە پەیوەندی نێوان دوو کەس یان زیاتر،کە بە هۆی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێ ،جا ئەو گرێبەستە هاوسەرگیری بێت ، یان بەرژەوەندی یان پیشە .لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە ) دا ، ئەم پەیوەندییە بەچەند شێوازێك خراوەتە ڕوو ، ئەگەر سەرەنج بدەینە پەیوەندی نێوان (هەلاڵە ) و (د- سەعیدی رەحمانی )دەبینین سەرەتا پەیوەندییەکەیان لە چوارچێوەی خوێندکارو مامۆستاییدا بووە ، کاتێك سەعیدی ڕەحمانی قسە لەسەر ئەم پەیوەندییە دەکات(پەیوەندی ئێمە لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی دۆستانەو هاورێیانە بوو ، پەیوەندییەك کە هەمیشە حەزم دەکرد لە مابەینی هەموو مامۆستا و قوتابییەکدا ببێت و ، من بە درێژایی تەمەنی مامۆستایەتیم نەمتوانیبوو پەیوەندییەکی ئەوەندە نزیك و سەمیمی لەگەل هیچ کام لە قوتابییەکانمدا ساز یکەم )(عەتا نەهایی، ل 265)

دواتر ئەم پەیوەندییە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەندییەکی دراوسێیانە ، پاشان خۆشەویستی ، ئەم پەیوەندییەش بە جۆرێك کاردەکاتە سەر ( هەڵاڵە ) و لە ژێرکاریگەری (د0 سەعید ) پەیوەندی نێوان( هەڵاڵە ) و ( شێرزاد) ی مێردی لێکوە ترازێت هەڵاڵە دەبوو بیگوتایە سەعید ، شێرزاد لە تۆو لە پەیوەندی نێوان من و تۆ بە گومانەو ئەو گومانە ژیانی لێ شێواندووین پەیوەندییەکی تری خۆشەویستی کە لەم رۆمانەدا باسکراوە پەیوەندی نێوان ( هەڵاڵە ) و (برایمۆك ) ە کە لە شاخ بوون (براێمۆك جوانترین و پڕ هەستترین شێعرەکانی لەو ڕۆژانە گوت . ئەو ، هەموو سۆزو جوانی نۆت و وشەکانی بە بە خشندەی هەڵاڵەی دەزانی (بڕوانە حەسەن یوسف کەریم ، هەولێر 2012 ، ل 67 ، 72)

هەر ئەو پەیوەندییەش وای لە (هەڵاڵە ) کرد ، کە گرەو لەگەڵ باوکی بکات (لەسەر پاکی و نەجیب زادەیی (برایمۆك) سەرەنجام گرەوەکەیش دەباتەوە ، بەڵام ( برایمۆك ) ی خۆشەویستی دەدۆڕێنێت . پەیوەندی هاوسێیەتی و هاورێیەتی لەم ڕۆمانەدا لە چەندین شوێن ئاماژەی بۆکراوە .(بروانە حەسەن یوسف کەریم ، هەولێر 2012 ، ل 72)

2ـ دوورکەوتنەوە (کۆچ)

دورکەوتنەوە دورکەوتنەوەی مرۆڤەکانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان کۆچ کردن بۆ جێگایەکی تر ئەم دورکەوتنەوە بەش دەکرێت بۆ چەند مەبەستێکی جیا جیا و جیاوازی بێت یان بۆمەبەستێکی تایبەت یان بۆ باش بەڕێوەچوونی بژێوی ژیانی مرۆڤەکان گومانی تێدانیە کە نەتەوەی کورد لە کۆنەوە ئەم گرفتە یەخەی گرتوە ئەمەش بەهۆی دوژمنان و ناحەزانەوە بووە کەوای کردووە هەندێك لە مرۆڤەکان ماڵ و حاڵی ی خۆیان بەجێ بهێڵن. لە ڕۆمانی ( گرەوی بەختی هەڵاڵە ) دا ، (ناسەقامگیری ڕامیاری ، پاڵنەرو فاکتەری دیاردەی کۆچە . بنەماڵەی ( حەمە رەشید ئاغا ) بەهۆی داگیرکردنی شار لەلایەن ڕژێمەوە شار بە جێدەهێڵن ، کۆچ دەکەن . ئەگەر چی ( حەمە رشید ئاغا ) پێشمەرگە بوو ، بەڵام ئەمە فاکتەری سەرەکی نەبوو ، بۆ کۆچکردنی بنەماڵەکەی . ) (حەسەن یوسف کەریم ، نامەی ماستەر ، هەولێر 2012 ، ل 54)

3ـ لادانی کۆمەڵایەتی

زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ هەر هەڵسوکەوتێکی ناباو (شاز) ، کە لەگەڵ هەموو بەهاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دژ بێت ، بەگوێرەی بۆ چوونی زانا (ئەم کنارد) ڕەفتاری کەسی لادەر ئەو هەڵسوکەوتەیە ، کە دەبێتە هۆی نارازیبونی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاکە کانی کۆمەڵگەوە ، چونکە جۆرێك لە بەگژدا چوونەوەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە .هەر کاتێك هەر کۆمەڵگەیەك تووشی داگیرکاری و شەڕ بوو بێت ، کۆمە ڵێك لادانی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیەدا ڕوو دەدات ، (نووسەر دەبێ کات و کاری خۆی لە پێناو کۆمەڵدا بێت ،ئەو میللەتەی کە لە ناویا ندا دەژێت ، پێشاندانی ناحەزی و ناپاکێکانیان ،لێقەوماوی و چارەڕەشییەکان ، هەژاری و نەداری و ئەرکی سەرشانی ئەوییە)(عەتا قەرەداغی ،2004،ل193) لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە ) دا لادانی

کۆمەڵایەتی بۆ دوو بەش دابەش دەبن بۆ (ئەو لادانە کۆمەڵایەتییانەی لە کوردستان روویان داوە ، گرتنی ( حمە رشید ئاغا )نەبوونی باوك لە ماڵ دا ، منداڵەکان توشی سەرەرۆیی و لادان دەکات ، بەتایبەتی ئەگەر گەورەیەك نەبێ ئامۆژگاری و سەرپەرشتیان بکات ، دوای گرتنی ( حمە رشید ئاغا ) ، نە ( مەجید )ی کوڕی و نە ( سەعادەت) ی خێزانی ، نەیانتوانی ببنە ئەو سەرپەرشتکارەی کە منداڵەکان لەسەرە رۆیی بپارێزن . مەجید کوڕە گەورەی بنەماڵە سالێك بوو خوێندنی تەواوکردبوو ، شەوانە کە شێوەی دەکرد لە ماڵ دەرۆیشتە دەروتا درەنگان نە دەگەڕایەوە .) (حەسەن یوسف کەریم ، هەولێر 2012 ، ل 79)

ئەمە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە باوك دەسەڵاتی زیاترە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و کاری ڕۆژانەی، چونکە ئەو هەڵس و کەوتانەی کە بە باوك دەکرێت دایك ناتوانێت بیکات هەر بۆیە لە زۆربەی خێزانەکاندا باوك دەتوانێ بەشێوەیەکی باش و سەرکەوتوو سەرپەرشتی خێزانەکەی بکات و لەلادان بیپارێزێت ئەمە ئەو ناگەیەنێت کە دایك ناتوانێت خێزان بەڕێوەببات ئەرکی سەرپەرشتی بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو زۆر دایك هەن کە توانای بەڕێوەبردنی مناڵەکانیان هەیە .(ئەو لادانە کۆمەڵایەتییانەی کەلە دەرەوەی وڵات روویان داوە، گەیشتنی ( شێرزاد) بۆ سوید ، پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ( هەڵاڵە ) وەك خانەوادەیەکی ڕۆژهەڵاتی ، ( هەڵاڵە ) هەر زوو دەست لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات هەڵدەگرێ و وەك کەسێکی سویدی ڕەفتار دەکات .

( شێرزاد ) یش بە پێچەوانەوە پەیوەست بوو بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات ، ئەگەر چی (شێرزاد )یش لەو ژینگەیەدا لە رِقی ڕەفتارەکانی (هەڵاڵە ) توشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبێت ، بەوەی کە بەردەوام خەریکی قومارکردنە . شێرزاد دەڵێت : لە دڵم دراوە کە ڕۆژێك پارەیەکی باش دەبمەوە . پارەیەك کە تۆ لە ڕادوێ بەشەش مانگیش دەستت ناکەوێت . ڕەفتارەکانی (هەڵالە) بەردەوام ( شێرزاد )ی دەخستە گومانەوەو دڵی لێ پیس دەکرد ، کارکردنی (هەڵاڵە) لە رادیۆ و خوێندنی لە زانکۆو دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ( د0 سەعید ) کە مامۆستای زانکۆ بوو ، وای کرد کە کێشە وگرفت ، بکەوێتە نێوان (شێرزاد) و (هەلا ڵە ) تاکار گەیشتە ئەوەی، کە ( هەڵاڵە )( شێرزاد )ی لە ماڵ کردە دەرەوە . ) ( حەسەن یوسف کریم،2012 ، ل 80)

بەپێی ڕەفتارەکانی هەڵاڵە لەو کۆمە ڵگەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ،کە کاریگەری ژینگە و داب و نەریت و هەڵسوکەوتی . کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیەدا کە مەبەستمان وڵاتی (سوید) ە وای لە (هەڵاڵە ) کرد کە تووشی گۆڕان لە ژیانیدا ببێتەوە ئەو گۆڕانکاریانەش بێگومان بۆ ژیانی خێزانی (هەڵاڵە ) و (شێرزاد ) جگە لە گیروگرفت و کێشەو پەشێوی ولێك جیابوونەوە هیچ سودی نەبووە بۆسەر ، ژیانی تایبەتی هەڵاڵە.

4- نامۆبوون

نامۆیی بارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و تایبەت نیە بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ،بەڵکو دیاردەیەکە کە دەکرێت لە کۆمەڵگەی جیا جیادا بەدی بکرێت و چەند دۆخ و جۆرێکیشی هەیە (جوگرافی - دەروونی - کۆمەلایەتی ....) کال ماکس لە دیدێکی سۆسیۆ ئابوریەوە لەم چەمکە دواوەو پێیوا بووە (نامۆبوون ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی سیستەمی ئابووری سەرمایە دارییە ). ( حەسەن یوسف کریم،2012 ، ل 85 )لە ڕۆمانی ( گرەوی بەختی هەڵاڵە) دا (هەڵاڵە ) لە کوردستاندا دوای مردنی (برایمۆك) ی خۆشەویستی دەکەوێتە بارودۆخێکی نائاسایی و بە جۆرێك کە وەك جاران نایەتە ناو خەڵك و تەنانەت دەوامی ڕادیۆیش ناکات .دوای هاوسەرگیری، لەگەڵ (شێرزاد ) پێك دێنێت، بەڵام (شێرزاد) بەژینگەی سوید نامۆییەو ڕەفتارەکانی (هەڵاڵە ) ی خێزانی بەلاوە نامۆترن . بۆیە لەلای مەجیدی برا گەورەی (هەلاڵە ) باسی کێشەو گرفتی نێوان خۆیی و (هەڵاڵە ) دەکات و نامۆیی خۆی بۆ مەجید دەخاتە ڕوو دەڵێت ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لە و لاتێك گەورە بووین و لە وڵاتێکەوە هاتووین کە داب و نەریت و ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەو داب و نەریت و ئەخلاقە ، چاك بێت یان خراپ لە دەروون و مێشکماندا چەسپاوە. پاشان خۆی و مەجید دەچنە نزیك ئاوەکەوە بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی (هەڵالە ) ی نیشان بدات ، کە بەلایەوە نامۆیە. لەو کاتەدا (هەڵاڵە )لەناو ئاوەکەدا ،خۆی دابوو سەر شانی فەرهادی کوڕی مامە فەتاح و هەوڵی دەدا لە ئاوەکە نوقمی بکات . شێرزاد هەروا عەسەبی هەڵچوو ئەمجارە بەتیزە بزەیەکەوە گوتی : (ئایا ژنێکی نەجیب و موحتەرەم لەبەر چاوی خەڵك ، تەنانەت لەگەڵ مێردەکەشی یاری و گاڵتەی ئاوادەکات ) (حەسەن یوسف کەریم ، هەولێر 2012 ل 81 ، 85)

5- کێشەی ژنان

ئافرەت وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگە دەورو کاریگەری خۆی هەیە . ڕۆمانیش وەکو کۆمەڵگایەکی بچووك ناتوانێت ئەم توخمە گرنگە لە جیهانی خۆی فەرامۆش بکات بەتایبەتی ڕۆماننوسێکی وەك عەتا نەهایی ، کەلە هەر سێ ڕۆمانەکەیدا گرنگیەکی زۆری بەمەسەلەو پێگەی ئافرەت داوە لایەنێکی تری کێشەی ئافرەت ، کە تائێستا لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ماوە ، کوشتنی ئافرەتە لەلایەنی پیاوانەوە .دەستپێکی ئەم ڕۆمانە ئەوە دەخاتە رووکە (هەلاڵە ) دەکوژرێت . ئەگەر چی ( شێرزاد ) لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو سوید لەگەڵ (هەلاڵە )دەژیت، بەڵام ناتوانێت دەستبەرداری پیاو سالاری بێت . بۆیە زۆر بە ئاسانی دەستی دەچێتە کوشتنی (هەلاڵە) ی خێزانی .کاتێك هەلا لە وەك سویدیك ڕەفتار دەکات و پەیوەندی لەگەڵ (د0 سەعید )ی مامۆستای دروست دەکات .ئەو کەسانە کە پاش ساڵە ها دابڕان لە کۆمەڵگە و کەلتووری ڕۆژهەلاتی ناوەراست و پاش ساڵە ها ژیان لەناو کەلتوورو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی ،ئەوا بەسووك و ئاسانی دەستیان دەچێتە ژن و منداڵەکانی خۆیان کوشتنی (هەلاڵە ) کۆمەڵگەی سویدی دەهەژێنێت. رووپەری ڕۆژنامەو گۆڤار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پڕ دەبێت لە هەواڵی تایبەت بە کوشتنی (هەلاڵە ) . ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان ، ئیدانەی ئەو کارە دەکەن ) (بڕوانەسەرچاوەی پێشوو ، ل67(

زۆر جار پیاوان چارەسەر بۆگرفت و کێشەکانیان لەگەڵ ئافرەتانی خێزانیاندا تەنها بە کوشتن کۆتای بەو کێشەو گرفتە دەهێنن کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەڵە بە هەڵەی گەورەتر چارەسەر ناکرێت .زۆربەی پیاوان چەوسانەوەی ئافرەت بەمافی تایبەتی خۆیان دەزانن و لەهەموو ماف و مەسەلەکانی ئافرەت دا پشت گوێی دەخەن و بەچاوێکی سووك بێ بایەخ بێ نرخ تەماشای دەکەن.

بەشی دووەم ( خوێندنەوە و دەرکەوتەکانی ژن لە دەقی ڕۆمانەکەدا): تەوەری یەکەم (دەرکەوتەکانی ژن لە دەقی ڕۆمانەکەدا)

1. بەهای ژن

ئافرەت ئەرکی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی منداڵی لەسەرە جگە لەکاری دەستی و ئیش و کاری دەرەوە ( بەهای ژن سەرەتا یان لە کۆندا ئەرکی ئافرەت لە ناو ماڵدا بریتی بوو لە ڕستن و چنین و نانکردن و دروستکردنی سابوون و گەلێك شتی دیٚ کە ئیدی ئافرەت لە ماڵدا نەیدەکردن ) (ڕەووف بێگەرد 2009 سلێمانی ل55)،بەڵام لەگەڵ بەرەو پێش چوونی کۆمەلگە ئافرەتیش لەگەڵ سەرجەم گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا هات و توانی شان بەشانی پیاوان گەلێك کارو کردەو ئیش ئەنجام بدات وەکو دەبینین کە هەلا لە کچی حمە ڕشید ئاغا وەکو کوڕ خۆی پیشان دەدا و دەیەوێت شان بەشانی باوکی بێت لە کاروباری ڕۆژانەی باوکیدا هاوکار بێت، هەروەها لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی خوێندەواری ئافرەتەکانی کورد نە دەخرایە بەر خوێندن بەڵام دواتر وای لێهات هەموو کچانی کۆمەڵگە بەرەو خوێندن برۆن دواتریش هەلاڵە لە دەرەوەی وڵات واتە ( سوید ) درێژەی بە خوێندنەکەی دەدا و شان بە شانی ئەوشی لە ئێستەگەیەکی سویدا لە بەشی کوردی خەریکی ئیشی ڕۆژانەی خۆی بوو ئەم بەهای ژن تەنها لە بواری ڕۆمان دا وەکو ژانەری ئەدەبی ڕەنگی نەداوەتەوە بە ڵکو لە هۆنراوەی کوردیدا بەهای ژن بە روونی دەردەکەوێت.

2کێشەی ژن

لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمە ڵگەی کوردیدا ژن چەندسودمەند بێت بەگۆڕان و پێشکەوتنی دنیا ئەوەند باجەکەی لە ڕووبەڕوو بونەوەی ململانێ و نا ئارامی و باری نا ئاسایی دەرونی دەدات ئەمەش لە بەر ئەوەی هێشتا کۆمە ڵگەکەی خۆی نەگەیشتۆتە ئاستی ئەو گۆڕانەی کە بە فیعلی دان بە مافەکانی ژندا بنێت و ڕێز گرتن لە مافەکانی ژن نەبووەتەچەمك لە لای تاکەکانی، ئەو بارە دەرونیە نائاسایانەی لە ژیانی ڕۆژانەی ژندا لەوایە رووبدات مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە زیندەوەرێکە بیر دەکاتەوە ، کاتێك ژن لە رووی فیکریەوە سەرکوت دەکرێت توشی ململانێ دەبێت ، ژنانی ڕۆشنبیر و خوێندەوار زیاتر پێویستیان بە تێرکردنی فیکری هەیە وەك لەو ژنانەی فرسەتی خوێندن یان تەواوکردنی خوێندن و هوشیاری خۆ ڕوشنبیرکردنیان بۆ نەرەخساوە ) (بڕوانەسۆزان جەماڵ سلێمانی 2004 ، ل / 36 ، 40 ، 41)

کێشەی ژن لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵە ئەوەیە، کە هەلاڵە توشی کێشە دەکاتەوە ئەوەیە کە هەلاڵە لە دوو کۆمەلگادا پەروەردە بووە فێری داب و نەریتی هەردوو کۆمە ڵگەکە بووە، بەڵام مێردەکەی هەلاڵە شێرزاد بەوە ڕازی نابێت، کە هەلاڵە وەکو کەسێکی سویدی ڕەفتار دەکات و هەروەها پەیوەندیەکی بە تینی لەگەڵ د0 سەعید رەحمانی هەیە کە د0 سەعید مامۆستای

بووە لە زانکۆ خەڵکی کوردستانی ئێرانەو کچێکی هەیە ناوی ( فەرزانەیە ) شێرزاد بە هەلاڵە دەگوت نابێت لەگەڵ ئەو عەجەمە قسە بکەیت و لەگە ڵیدا هە ڵسوکەوت بکەیت، هەروەها ڕەفتارەکانی هەلاڵە ی بە دڵ نەبوو کاتێك لەگەڵ فەرهادی ئامۆزای لەسەر ئاوەکە پێکەوە خەریك نقوم کردنی یەکیون

)ڕۆمان ، ژانەرێکی ئەدەبییە کە ڕابردوویەکی زۆر دووری نییە لەم چەند سەدەیەی دواییدا ، دەتوانرێت بە گرنگترین و باوترین جۆری ئەدەبی دابنرێت . هەروەها سەرهەڵدانی ڕۆمانیش پەیوەستە بە گۆرانی بەها باوەکانی کۆمەڵگەوە واتە ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە نێو کۆمەڵدا ڕوودەدات . بونیادو ڕۆمان بونیادی ئەو کۆمەڵگەیە پیشان دەدات کە تێیدا سەریهەڵداوە. ئەو مرۆڤەی کە لە کۆمەڵگەی کۆندا لە ستەمی کۆمەلایەتیدا پێگەیەکی دیاریکراوی هەبووە ، لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەدا ئەمەیش پلەبەپلە لەو سیتەمە کۆمەلایەتییە ڕزگاری دەبێت و لە ژیانی کۆمە ڵگەدا ڕێگەی ژیانی دەگرێتەبەر ، بێ ئەوەی کە بایەخ بە بونیادی چینەکانی کۆمەڵگە بدات و پێوەی ببەسترێتەوە . تیۆریزانی بەناوبانگی ڕۆمان ( جۆرج لۆکاش ) لەم بارەیەوە پێی وایە (ڕۆمان وەکو داستان ( الملحمە ) . بارودۆخ و پێداویستییەکانی سەردەکەی دەگێڕێتەوە و پەیوەست بوون بە بە ها نوێیەکانەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ) (سمیە نجیب خلیل ، 2010، ل 4)

کێشەی ئافرەت لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵە نەبوونی ئازادیەکی تەواو کە تاك بتوانێت بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات هەروەها نەبوونی سەربەستی ئافرەت لە ژیاندا، چونکە ئافرەت لە هەموو لایەکەوە رووی تێ دەکەن و بەشدار دەبن لە کاتی بڕیارەکانیدا ئەوەتا حمە رە شید ئاغا ی باوکی هەلاڵە گرەو لەسەر چارەنوسی هەلاڵەی کچی دەکات لەسەر ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێت ببێتە هاوسەری ژیانی وەك لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت هەلاڵە گرەوەکە دەباتەوە، بەلام قوربانیەکی گەورە دەدات ئەویش دۆراندنیی یان ڕاستتر بلێن لە دەست دانی خۆشەویستەکەیەکی هەروەها کێشەیەکی دیکەی هەلاڵە کە ناتوانێت لەگەڵ شێرزادی مێردی دا بەردەوامی بە ژیانی هاوسەری بدات دڵ پیس کردنی شێرزاد لە هەلاڵە چونکە هەلاڵە وەکو ئافرەتێکی سویدی هە ڵسوکەوتی دەکرد لەگەڵ هاوڕێ و خزمەکانیدا.

3ژن وەکو خۆشەویست

لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵە دا ژن و چارەنووسی ژن بە جۆرێکی تر ڕیوایەت دەکەن ،کە بەرهەمە ڕۆمانییەکانی عەتا نەهاییدا خالێکی گرینگ لەم بابەتەوە دێتە بەرچاو : ئەویش گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی عیشق کە لە کولتوورەوە بۆ دنیای سەردەمە بە واتایەکی تر ڕاگواستنی ئەوین لە شاخەوە بۆ شار چارەنوسی ژن دیاری دەکا بۆ نموونە ڕەق هەلاتن و سەرمابردنی برایمۆك لە گرەوی بەختی هەلاڵەدا دەکرێ وەك ئەو برایمۆکە سەیر بکرێ کە لەسەر عیشقی پەریخان بە دەستووری ئاغاکەی بە چلووی زستانی دەردەکرێ و لە ناو سەخڵەتی زستاندا گیان دەسپێرێ . ڕەچاوکردنی شێوازێکی هارمۆنی و لێکچواندنی ڕووداوی عەشق لە بەرهەمەکانی چیرۆکدا ، دەتوانیت بلێن گۆڕانکاری و ڕاگواستنی زەینیەتی فولکلۆرییەلەسەر عەشق بەشێوەی تەرح و فۆرمێکی نوێ ، فۆرمێك کە لەو دا کێشەی بیرکردنەوەی سوننەت و هزری نوێ دژ وەست دەبن تا ئەو جێگایەی کە شوێنی ڕووداو ، ئاسۆی ڕوانین نەماوی دەکا ) (عومەر محەمەدی "شنۆ" ل 82 / 85)

هەلالە بۆ یەکەم جار جەماڵ یان کەمال ناوێك خۆشی دەویست کە هاورێی منداڵی بوو لە گەڕەکەیان لە گە ڵیدا یاری کرد بوو دواتر کە گەورە بوو لە شاخ بوون لای باوکی لەوێ لە ڕادیۆی شاخ برایمۆکی ناسی کە بێژەری ئەو ڕادیۆوە بوو دواتر لەگەڵ هەلالە شیعریان دەخوێندەوە پێکەوە وەکو بێژەری ڕادیۆی شاخ بەردەوام بوون لە کارەکەیان دواتر برایمۆك بە هەلاڵەی وت شوێنێکت پێ پیشان دەدەم کە تائێستا کەس پێ نازانی دواتر برایمۆك و هەلالە بوون بە دوو خۆشەویست دوای تەواو بوونی کارەکانیان پێکەوە لەسەر ئەو کانییە بچکۆلانەدا شیعریان دەخوێندەوە ناوی ئەو کانیەیان نا ( کانی عاشقان ) دواتر برایمۆك و هەلاڵە لەلایەن خەلکی لادێکەوە ئاشکرا دەکرێن و باوکی لەم کارە ئاگادار دەبێت.

هەلاڵە دەربارەی ئەم خۆشەویستیە باوکی هەلالە لەگەڵ هەلاڵە گرەوی کرد بۆ ئەوەی برایمۆك تاقی بکەنەوە کە باوکی دەیگوت یەك دوو ڕۆژی تر تۆی لە بیر نامێنێ و دەگەڕێتەوە شار، بە لام لەم گرەوەدا هەلاڵە گرەوەکەی بردەوە، بەلام خۆشەویستەکەی دۆڕاند، چونکە برایمۆك لە کاتی دەرچونی بۆ چەند چالاکیەك دەکەوێتە ژێر هەرەسی بە فرەوە گیان لەدەست دەدات.

-4ژن وەکو جەستەو جوانی

وەکو ئاشکرایە لە سەرەتای دروست بونی باوکە ئادەمەوە ئافرەت بەجوانی و قسە شەنگی و ناسکی هەست ناسکی ناوبانگی دەرکردووە واتە خوای گەورە هەر بەشێوەیەکی جوان ئافرەتی دروست کردووە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ئافرەتانی دنیا وەکویەك جوان بن و لەیەك بچن بەلکو رێژەی جوانی ئافرەتان لە ئافرەتێکەوە بۆئافرەتێکی تر دەگۆرێت لە رۆمانی " گرەوی بەختی هەلاڵە " دا سەرەتا هەلاڵە وەکو کوڕ خۆی پیشان دەدات و جلی کوڕانە دەپۆشی، بەڵام دوای ماوەیەك لە کارکردنی لە ڕادیۆی شاخ لەگەڵ برایمۆك هەست بەوە دەکات کە کچێکی گۆنا سوور و جوان و هەست ناسکە هەروەها گوڵاڵەی خوشکی هەلاڵەش جوان بوو لەناو ئاوایی باسکراوە و سەیریان کردووە، هەروەها ئافرەتێکی تری کە لەم رۆمانەدا دەردەکەوێت ڕەعنا خان ژنی دووەمی باوکی هەلاڵە کە بێوەژن بووە باوکی خواستویەتی بەڵام دواتر لەلایەن ژنی یەکەمی حمە ڕە شید ئاغا بڕیار دەدات کە دەبێت تەلاقی بدات ئافرەتێکی تا بڵێ جوان و شۆخ و شەنگ بووە هەروەها ئەم جوانی ئافرەت تەنها لەم دەقی ڕۆماندا رەنگی نەداوەتەوە بەڵکو شاعیران هەر لە کۆنەوە شیعریان بەسەر بە ژن و باڵا و جەستەی ئافرەتاندا هەڵداوە لەو شاعیرانەشی وەکو ( نالی . سالم . کوردی . گۆران . وشێخ نوری شێخ صالح .... هتد

--5سەر زەنشتکردنی ژن

سەرزەنشتکردنی ژن لە دەقی رۆمانەکەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون دەبینرێت، کە بەوەی کە شێرزاد بەردەوام سەرزەنشتی هەلاڵە دەکات کە لەگەڵ ئەو عەجەمە هە ڵسوکەوت دەکات مەبەستی لەو عەجەمە دکتور سەعید رحمانیە، کەسەرزەنشتی هەلاڵە دەکات، کە پەیوەندی نێوانیان زۆر بە هێزەو دەیەوێت واز لە من بێنێ و شوو بە و عەجەمە بکەیت، بەڵام هەلاڵە لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی کەسێکی ڕوشنبیرو قسەزان بوو خۆشی دەویست و گوێ لێ دەگرت، بەڵام دوای جیا بوونەوەی لە شێرزاد بووە خۆشەویستی سەعید رەحمانی

لەلایەکی ترەوە هەلاڵە کچی حمە ڕە شید ئاغا سەرزەنشتی ڕەعنا خانی ژنی دووەمی باوکی کردبوو کە چۆن بەو هەموو جوانی و شۆخ و شەنگییەوە شوت بە باوکم کردووە لە کاتێکدا کە باوکم لە تەمەنی تۆدا نیە هەروەها حمەرشید ئاغا بەردەوام سەرزەنشتی خێزانەکەی دەکرد واتە سەعادەت خان کە منداڵەکانی بە شێوەیەکی باش پەروەردە نەکردووە بەوەی کە مەجید لە بیروڕا دا لە باوکی زۆر جیاواز بوو بەردەوام دەکەوتە دەمەقاڵێ لە گەلیدا هەروەها پێی دەوت کە دایك بەرپرسیارە لە هەر هەڵەیەك کە کچەکانی بیکات.

تەوەری دووەم(خوێندنەوەی گشتی بنیاتی رۆمانەکە)

ئەگەر ئاوڕ بدەینە ناونیشانی رۆمانەکە واتە "گرەوی بەختی هەلاڵە " بۆمان دەردەکەوێت کە باس لە کێشەوگیروگرفتی ئافرەتی کورد دەکات هەلاڵە کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە کچی ( حمە ڕە شید ئاغایە ) لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە سێ پرسی سەرەکی گرنگی مرۆڤ دەکات ،کە لە کۆمەڵگادا هەن ،ئەوانیش (پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستین)پرسی سیاسی لە نێوان حمە رشید ئاغا و مەجیدی کوڕیەتی کە نوێنەری ئەم پرسەن ،پرسی خۆشەویستیش لە نێوان هەلاڵە و برایمۆك کە بوونەتە نوێنەری عەشق و ئەوین کە ئەم عەشقە سەرئجامێکی باشی نابێت ،هەروەها پرسی کۆمەڵایەتی لە نێوان حمە ڕە شید ئاغا و ڕەعنا ناوێك نوێنەری ئەم پرسە دەکەن .دوای ئەوەی باوکی هەلاڵە دەگیرێت لە لایەن دوژمنانی و داگیرکەرانی کوردستان دایکی هەلاڵە بەردەوام چیرۆکی " میر خو ناك و کڵاو زێڕی ی بۆ هەلاڵە دەگێرایەوە بە پێی ئەم چیرۆکە واتە باوکی هەلاڵە چووە بۆ کوشتنی دێوەکان لە بەرامبەر ئەم کارەی ( میر خوناك ) پاشا کڵاو زێری کچی خۆی پێ دەدات پاشان باوکی هەلاڵە ڕزگاری دەبێت داگیرکەران هێرش دەکەنە سەر ئەو شوێنەی کە ماڵی حمە ڕە شید ئاغای لێیە دواتر بەهۆی کەسێکی ناسیاوی حمە ڕە شید ئاغا ماڵ و ژن و هەر چوارمنداڵەکەی واتە مەجید و هەلاڵە و گوڵاڵە و کاروان دەیانگوێزێتەوە بۆناوچە ئازاد کراوەکان مەجید بە هۆی ئەوەی کە بیرو باوەڕی حیزبی لە باوکی و خێزانەکەی جیا دەبێتەوە هەلاڵەیش کە باوکی بەردەوام دەیگوت کورە ناوی نابوو هەڵمەت دەبێنە بێژەر لە ئێسگەیەك کەلە شاخ هەبوو ، لەوێداپەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ برایمۆك دادەنێت برایمۆك کوڕێکی گەنج بوو لە شارەوە هاتبوو ، لەو ئێستگەیە دا جگە لە خوێندنەوەوپێشکەش کردنی ئەو بەرنامەیەکی ئەدەبی پێشکەش دەکرد دواتریش ئەو بەرنامە ئەدەبیە برایمۆك، لەگەڵ هەلاڵە پێشکەشی دەکرد دوای تەواو بوونی ئیش و کارەکانیان برایمۆك هەلاڵەی دەبردبۆ شوێنێکی زۆر خۆش کە کانیەکی بچووکی لێ هەڵدەقولی دواتریش ناویان نا کانی عاشقان لەسەر ئەوکانیە برایمۆك شیعری بۆ

هەڵاڵە دەخوێندەوە پاش ماوەیەك ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیەی سەر كانی عاشقان لەلایەن خەڵكی دۆلكەوە ئاشكرا دەبێت و هەواڵەكە بە خەڵكی ئاوایی حمە رە شیدئاغا دەگاتەوە بەم هۆیەوە حمە رشید ئاغا و هەلالە گرەوێك دەكەن حمە رە شید ئاغا پێ ی وایەكە ئەو كوڕەی هەڵاڵەی خۆش دەوێت ئەگەر بۆماوەیەك هەڵاڵە پەیوەندی لەگەڵ دا بپچڕێنێت ، ئەوا برایمۆك پەیوەندی بە دوژمنەوە دەكات دەچێتە شار ، بەڵام هەڵاڵە بەو شێوەیە بیری نە ئەكردەوە هەر بۆیە پێ وابوو برایمۆك كوڕێكی زۆر پاك و نیشتیمان پەروەرە بەهۆی ئە وگرەوەی نێوانیان حمە رە شید ئاغا برایمۆك دەگوازێتەوە بۆ دەستەی پارتی زانی چەكداری ، دوای دەرچوونی ئەم دەستەیە بۆ ئەنجامدانی چالاكیەك ، برایمۆك دەكەوێتە ژێر هەرەسی كێوە بەفرێك و شەهید دەبێت ، ئەگەر چی هەڵاڵە لە گرەوەكەی لەگەڵ باوكیدا بردییەوە، بەڵام خۆشەویستەكەی دۆڕاند هەڵاڵە پێشتر لەگەڵ باوكیا چەندجار گرەوی كردبوو بەڵام لەو گرەوانەدا هەڵاڵە دۆڕا بوو ، دواتر حمە رە شید ئاغا بەبیانووی ئەوەی كە ئەم دۆڵە ئامن نیە ژن و منداڵەكانی دەنێرێتە سلێمانی دوای ناردنی خێزانەكەی حمە رە شید ئاغا بێوەژنێك بەناوی "ڕەعنا " دەخوازێت ، سەعادەتی خێزانی حمە رە شید ئاغا دوای زانینی هەواڵەكە دەستی منداڵەكانی دەگرێت و دەگەڕێتەوە شاخ بۆلای مێردەكەی دوای شەڕو ململانێی حمە رە شید ئاغاو خێزانەكەی لەلایەك و ، گفتوگۆی هەڵاڵە لە لایەكی تر ، دەبێتە هۆی تەلاق دانی ڕەعنا هەر لەو شوێنە مەجید ژن دێنێ و گوڵاڵەش شوو دەكات ، شێرزادكوڕی هاورێیەكی حمە رشید ئاغایە، هاتۆتە شاخ و لەلای ئەو دەبێتە پێشمەرگەدەیباتە ماڵی خۆیان و بەماڵەوە یان دەناسێنێ ، داوا لە شێرزادیش دەكا وەكو كوڕێكی ئەو ماڵە ڕەفتار بكات ، حمە رە شید ئاغا خەنجەرێك لە شوێنەوارێكی دێرین دەدۆزێتەوە و پێشكەشی شێرزادی دەكات ، دوای ماوەیەك حمە رە شید ئاغا بەهۆی هاورێیەكەوە خاو خێزانی براكەی ، مەجید و ژنەكەی ، پاشان كاروان و هەڵاڵەیش دەنێرێتە دەرەوەی وڵات و لە سوید نیشتەجێ دەبن ، دوای ماوەیەك لە گەیشتنیان بە سوید سە عادەت و حمە رشید ئاغا بەهۆی تەلەفونەوە لە هەڵسوكەوت و ڕەفتارەكانی هەڵاڵە ئاگادار دەبنەوە، چونكە هەڵاڵە وەكو كەسێكی سویدی ڕەفتاری دەكرد هەروەكو ئەوان بەردەوام لە گازینۆ و ڕابواردن بوو نەسرین مامۆژنی هەڵاڵە بەردەوام دەیگوت هەڵاڵە دەچێتە گازینۆو رابواردنی گەنجان حمە رشید ئاغا بیری لە چارەسەری ئەوە كردەوە كە پێویستە مێردێك لە كوردستان بنێرێ بۆ هەڵاڵەی كچی بۆ ئەم مەبەستەش شێرزادیان هەڵبژارد ، دوای ئەوەی كە گفتو گۆیەكی زۆر لەگەڵ هەڵاڵە هەر بە تەلەفۆن ڕازیان كرد كە بە ساختەبیكا بە هاوسەری خۆی و بەو هۆیەوەی ڕای بكێشی دواتر ئازادە لەگەڵیا بمێنێتەوە یان جیا دەبێتەوە دوای گەیشتنی شێرزاد بە سویدبۆ ماوەی چەند مانگێك ، بە هۆی كارو باری یاسایی سەرەنجی هەڵاڵە بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت ، بەمەیش دەبن بە ژن ومێردێكی بەختەوەر كچێكیان دەبێت و ناوی لێ دەنێن ئارەزوو، بەڵام بەختەوەرییەكەیان زۆر ناخایەنێت چونكە شێرزاد پابەند بە داب و نەریتی كوردستان و نەگونجانی لەگەڵ یاساو داب و نەریتی سوید دواتر دڵپیسی شێرزاد لە هەڵاڵە " بەهۆی هەڵسوكەوت و ڕەفتارەكانی ، تا دەهات زیاتر دەبوو ، دوای ناسینی دكتۆر سەعیدی رەحمانی كە مامۆستای هەڵاڵە بوو لە زانكۆ كێشەو گرفتەكانی هەڵاڵە و شێرزاد زیاتر دەبوون هەڵاڵە خوێندكاری زانكۆ بوو لە هەمان كات دا بێژەری ڕادیۆی سوید ـ بەشی كوردی بوو پەیوەندی نێوان هەڵاڵە و سەعید لە پەیوەندی هاورێتیەوە دەرچوو بوو ئەمەش وای لە هەڵاڵە كرد شێرزادی لە ماڵ كردە دەرەوە و لێی جیابووەوە ، رۆژێك شێرزاد بەهۆی هێنانەوەی جل و بەرگ و پێداویستی تایبەتی خۆی دەچێتە ماڵی هەڵاڵە و لە كاتی سەیر كردنی شت و مەكەكانی لەناو سندوقەكەدا خەنجەرێكی دەكەوێتە بەرچاو كە دیاری باوكی (هەڵاڵە ) بوو هەر بە هەمان خەنجەر هەوڵی كوشتنی هەڵاڵە دەدات و بریندداری دەكات و (هەڵاڵە ) دەكەوێتە خەستەخانەو شێرزادیش دەسگیردەكرێت و بەم شێوەیە كۆتای بە رۆمانەكە دێت ئەگەر سەیری كێشە و گرفتی ناو رۆمانەكە بكەین یاخود ئەو ڕووداوانەی، كە لە ناو ڕۆمانەكەدا ڕوو دەدەن ڕوداوی مێژووی و هەروەها كێشە و گرفتەكانیش كێشە و گرفتی كۆمەڵایەتین.

كارەكتەری سەرەكی لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە بریتین لە ماڵی حمە رشید ئاغا ـ سەعادەت خێزانی منداڵەكانی مەجید و گوڵاڵە و هەڵاڵە و كاروان لەگەڵ شێرزادكوڕی هاورێیەكی نزیكی حمە رە شید ئاغایە ، برایمۆك خۆشەویستی هەڵاڵە كە بێژەری ڕادیۆی شاخ لە كوردستانە، بەڵام بەهۆی ئەو گرەوەی كە (هەڵاڵە ) لەگەڵ باوكی كردی خۆشەویستەكەی دۆڕاندسەرئەنجام برایمۆك لە كاتی چالاكی دەكەوێتە ژێر هەرەسی كێوە بە فرێك و دەمرێت.

کارەکتەی لاوەکیش بریتین لە " ئامینە دایکی حمە رە شید ئاغا، شەهاب مێردی هەڵاڵە ، جەماڵ یان کەماڵ هاورێ منداڵی هەلاڵە ، خانم مودیر ـ فەریدەی خێزانی مەجید مام فەتاح و نەسرین خانی خێزانی و فەرهادی کوڕی ، خدر ئاغا خزمی حمە رە شید ئاغا، کاك ناسر ، میرزا نەسرولا. ئیرەج و سوهەیلەی خێزانی ، ئارەزووی کچی هەڵاڵە ، سەعید رەحمانی و فەرزانەی کچی ، سۆفی ، حمە کریم رەعنای ژنی دوەمی حمە رشید ئاغا برای شێرزاد، دکتۆر و پەرستارێك صلاح هاورێ سەرتاشخانەی شێرزاد ، حاجی حەسەن )(شاکەس وەك گرنگترین و کاراترین رەگەز زۆرترین کاروئەرك لە خۆدەگرێت ، زۆربەی کەسێتیەکانیش بۆ خزمەتی کاردەکەن، شا کەس و کەسێتیەکان بکەری ڕوداوەکانن، هەر یەکە یان چەندە ڕووداوێك لە تەوەرەیاندا دەخولێتەوە، شاکەسوەك سەرۆکێك لەشاری ڕۆماندا زۆربەی کارو کردەوەکانی لە ژێر دەستدایە وەك پاڵەوانێك کە : ڕووداو بەرپابکات ، چارەنووسی بگۆرێ ، ڕێرەو بشوێنێت ) (کارزان موحسین قادر ، هەولێر 2009 ـ ل 390) ڕووداو لە ڕۆماندا زۆر بەرچاو دەکەوێت دەبینین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە ی عەتا نەهایی ڕووداوەکان زۆرن و یەك لە دوای یەك ڕوودەدەن ڕوداویش پەیوەندی توند و بەهێزی بە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەوە هەیە ( بێگومان ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان کەم تا زۆر پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە ، یەکێکیان کارلەو یتریان دەکات ، ڕووداویش وەکو ئەو بەردە وایە کە فرێ دەدرێتە ئاوێکەوە ، بازنەی یەك لە دوای یەك و فراوان دروست دەکات ) (کارزان موحسین قادر ، هەولێر 2009 ـ ل 390)گرێچنی ڕووداوەکان ئەمەش دیسان یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ڕۆمان( بۆئەوەی لایەنی هونەری ڕۆمان توندو پتەو بێت ، ڕووداوەکانی لە دەقە ناهوونەرییەکان جیا بکرێتەوە ، ڕۆماننووس وریایانە گرێیەك یان چەندگرێیەك بە ڕووداوەکان بەند دەکات ، کە خودی شاکەس یان کەسێتیەکان پەیوەندییان بەو گرێیانەوە هەیە ، بەشەکانی گرێ بە گوێرەی قۆناغەکانی گەشەکردنی لە ڕۆماندا دەکرێت بە سێ بەشەوە پێکدادان ، ئاڵۆزی ، چارەسەر ) ( سەرچاوەی پێشوو ، ل 50 ، 53)شوێن وەکو رەگەزێکی تری ناو ڕۆمان سنوروپانتاییەکی فراوان پێك دێنێت، چونکە هەمووئەو ڕووداوانەی کە لە ناو ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدەن لە شوێنێکی دیاریکراو ڕوودەدەن ( شوێن هەر ئەوە نیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات ، بەڵکو پەیوەندی کار لە دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و کارو کاردانەوەو چالاکیە سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و تەنانەت بایۆلۆجی و فیزیۆلۆجی و بیرو بۆ چوون و ژیانی ڕۆحی و هەلوێستی ڕۆژانەو خەون و خەیاڵیش دەکات ) (سەرچاوەی پێشوو ، ل 55)بۆنمونە لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لە شوێنی دیاریکراودا ڕوو دەدەن هەندێك لە ڕووداوەکان لە کوردستان ڕوو دەدەن هەندێکی تریان لە وڵاتی سوید ڕوو دەدەن.

کات وەکو هەموو ڕەگەزەکانی تر گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە (کاتەکانی ناو دەقێکی ئەدەبی خۆیان لە چەندین جۆر دەنوێنن ، دەشێت هەندێکیان کاتی ئاسایی ژیانی رۆژانە بن ، هەندێکی تریان جۆرە کاتێك بن بەدەق ئەدەبییەوە پەیوەست بن یان پەیوەندیان بەزەینی مرۆڤەوە هەبێت . ڕەنگدانەوەی چەندکاتێکی جیا لە ڕۆماندا ڕەوتی ڕووداوی چیرۆکەکان بەرەو پێشەوە دەبات ) (هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 59) هەردوو چەمکی شوێن و کات لەناو ئەم ڕۆمانەدا ڕۆڵ و پێگەی خۆی پێبەخشراوە بە شێوەیەك کە شوێن لە ناو ڕۆمانەکەدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە بە شێوەیەکی وەها بووەتە ڕایەڵی پێکەوەبەستنی ڕۆمانەکە کەواتە شوێن بنەمایەکی بەهێزو کاریگەرە لەناو ڕۆمانەکەدا. ( زمانی هەر ژانەرێك ، تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆیەپەیوەندییان بەسۆزەوە یان بەهۆشەوە هەیە ، زمانی چیرۆك و ڕۆمان بەر لەوەی گەمە لەگەڵ سۆزدا بکات خۆی لە هۆش نزیك دەکاتەوە ، زمانی ڕۆمان ڕستە و دەربرینەکانی ئەوەندە دەوڵەمەندن ، کە سۆز بارگاوی دەکەن و هۆش دەخەنە کارەوە ) (هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 63)لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە باس لە کێشەی کۆمەڵایەتی دەکات بەتایبەتی کێشەی ئافرەت کە لەم ڕۆمانەدا بەر چاو دەکەوێت ئەویش وابەستە بە چارەنوسی هەلاڵەوە ، هەڵاڵە برایمۆکی خۆش دەویست، بەڵام باوکی هەڵاڵە هیچ برایمۆکی خۆش نە دەویست بەڵکو پێی ناخۆش بوو کچەکەی خۆی بداتێ هەر بۆیە وای لە هەڵاڵە کرد کە گرەو لەگەڵ باوکی بکات، بەڵام لەو گرەوەدا خۆشەویستەکەی دۆراند بۆ جاری دووەم چارەنووسی هەڵاڵە کەوتە ژێر دەستی شێرزاد کە باوکی لە کوردستانەوە مێردی بۆ نارد تا بەو هۆیەوە هەڵاڵە ڕای کێشێ دواتر لەگەڵ شێرزاد بوونە ژن و مێردێکی بەختەوەر، بەڵام ئەم بەختەوەرییە هەر لە سەرەتای ژیانیان بوو دوای چوونی هەڵاڵە بۆ زانکۆ کێشە و گرفت کەوتە نێوانیانەوە ، هەروەها باسی چەندین ڕووداوی مێژووی لەم ڕۆمانەدا کراوە وەکو داگیرکردن و دەربەدەر بونی خەڵکی کوردستان.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە کە بریتین لە-:

1-ڕۆمان بووەتە پێویستییەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی زیندووی بە باری ژیانەوە هەیە، ئەمە وەکو لایەنی گشتی کۆمەڵ، هەروەها کەرەسەیەکی لەبارو گرنگە بۆ وەڵامدانەوە کۆمەڵێ پرسیاری کۆمەڵایەتی و فیکری و ئابووری..... ئەمەش وایکردووە کە ئەم هونەرە وردووردە پێش بکەوێت وجەماوەرێکی باش لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

2-لەم ڕۆمانەدا داب و نەریت و کەلتورو ئاین بە شێوەیەکی هاوتەریب تێکەڵ یەکبوون ،ئاین و دیاردەی کۆمەڵایەتی کەلتور کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە هەیە کۆمەڵێ بابەت و دیاردەی کۆمەڵایەتی واقعی ژیانی کۆمەڵگای کوردی خراوەتەڕوو، کە بوەتە کەرەسەی سەرەکی ڕۆمانەکە بە باش و خراپەوە کە کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەبووە ، نەهایی لەم ڕۆمانەدا گۆشەیەکی بچووکی مێژووی پڕ کۆسپ و کارەساتی خوێناوی کۆمەڵگای کوردی هێناوە و قسەی لە سەر دەکات ئەویش دیاردەی ژن کوشتن لە لایەن کەس و کاریانەوە وەکوبەرگیریکردن لە کەلتورە کۆنەخوازە.

3-گۆڕینی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ،دەبێتە هۆی گۆڕینی بابەتە ئەدەبیەکانیش و جۆرێکی تری ئەدەب بە دوای خۆیدا دەهێنێت بۆیە بەسەرکەوتن و هوشیاربوونەوەی کۆمەڵگا ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردی دەگۆڕێ و ئافرەت بووە کارەکتەرێکی کاراو لەناو ئەم ڕۆمانەدا بووە بە شاکەسی سەرەکی ورۆڵی مرۆڤانەی خۆی گێڕاوە.

4-لە ناو ئەم ڕۆمانەدا تاڕادەیەکی باش تازەگەری لە ڕووی ناوەڕۆك و تەکنیکی نوسینەوە و داڕشتن تێدا بەدەی دەکرێت ،کە فرەڕەنگی دەنگی پێوە دیارە وتا ئاستێکی باشیش ڕۆمانەکەی لە یەك دەنگی دەرباز کردووە لە سادەیی گێڕانەوە ڕزگاری کردووە.

## سەرچاوەکان

(ناوی کتێب (کوردی

.تیوری ئەدەب، د.شکری عزیز ماچی ، و،پ . ی . د . سەردار ئەحمەد گەردی ، چاپی یەکەم هەولێر 2010 - 1

.دەربارەی رۆمان و چیرۆك ، حمە کەریم عارف، چاپی یەکەم ، 2007 -2

رۆمان وپیشەی نوسینی رۆمان ، ئەدوارد بلڤن ، دایاناداو یتهاید ، ئەژی گۆران لە عەرەبیەوە بۆکوردی وعەرەبی سامی -3 .محمەد بەغداد 1982

. ژن لە بەردەم قەیرانەکاندا ، سۆزان جەماڵ ، سلێمانی 2004 -4

.سەرهەڵدانی رۆمانی ئینگلیزی ، ئەیات وات ، و. لە عەرەبیەوە ڕەووف بێگەرد چاپی دووەم سلێمانی 52009-

.گەرانەوە لە واقعەوە بۆخەیاڵ ،عەتا قەرەداغی،سلێمانی ، 2004 -6

نامەی ماستەر

.ئافرەت لە رۆمانی ئافرەتانی کوردا ( 2000 ـ 2009 ) سمیه نجیب خلیل هەولێر 2010 -7

.ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی ( عەتا نەهایی ) دا ، حەسەن یوسف کەریم هەولێر 2008 -8

گۆڤارەکان

پێناسەی ڕۆمانی نوێ و هێزلە دەقەکاندا،عەبدوڵلا سەرج، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 166 لە 5 / 3 / 2011 -9

.دەوری ژن لە چەند دەقێکی ئەدەبی زارەکی ونویساریدا، عومەر محمدی گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 195 لە 5 /8/ 2013 -10

.ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، هاشم ئەحمەد زادە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 107 لە بەرواری 5 /4 /2006 -11

ڕۆمان بە واتای ژانری ئەدەبی ودامەزراوی کۆمەڵایەتی ،میشێل زرافا، و- عەتا جەمالی ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 107 لە -12 .بەرواری 5 /4 /2006

13 - کۆمەڵناسی سیاسی ،د.ئیبراهیم ئەبراش ،و- حیکمەت نامیق گۆڤاری ڕامان ، ، ژمارە **107 لە بەرواری 5 /4 /2006**